
## ئەرکی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە(نوێ)



*ستار عەبدولا ئاپۆ*

*سویسرا 11.08.2006*

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ، کە یەکێک بوو لە ئامانجە گەورەکانی ئەمریکا پێش دووساڵ، وا پێدەچێ کە لە دوای شەڕی ئیسرایل لەگەڵ حیزبوللە ،بە بەرگێکی نوێ و ناوێکی نوێ و بەڵام هەمان ناوەڕۆک هاتبێتەوە مەیدان.




ئەم پرۆژە گەورەیە پڕە لە ووردەکاری و گۆڕانکاری ناوچەکە ، ئەوەی لای ئێمە گرنگە لەم پرۆژەدا بۆ یەکەمین جار لەسەر نەخشەی ناوچەکە نیشتمانی کوردستانی گەورە دەردەکەوێ ، بە پێ ی ئەم نەخشەی سەرەوە کە لەم سەرچاوەوە بڵاوکراوەتەوە http://www.armedforcesjournal.com/2006/06/1833899، لەگەل نووسێنێک بە ناوونیشانی (سنووری خوێن) . ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بچیتە سەر بابەتەکە و لێی تێبگات.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرە ئەوەیە کە ئێمەی کورد، تا چەند ئامادەباشی ئەم گۆڕانکاریەن و چیمان کردووە.

بە گوێرەی نەخشەکە کوردستانی ئازاد پێک دێت لە هەموو بەشەکانی کە کوردی تێدا دەژی، ئێراقی ئەمڕۆو ئێران و سوریاو تورکیاو ئەرمینیاو ئازەربایجان. ئەم پرۆژە کە لەلایەن گەورەترین هێزی دنیا ئەمریکا کاری بۆ دەکرێ ، دیارە ڕێژەی سەرکەوتنی زۆرە ، بە تێگەیشتنی زۆرێک لە سیاسەتمەدارین و ڕۆشنبیران.

بۆیە لەسەرکورد کە سوودمەندترین گەلە لە ناوچەکەدا لەم پرۆژە دا ، پشتگیری و کاری بۆ بکرێ، بەبێ ئەوەی لەم و لەوی بشارینەوە.
ئەرکەکانی ئێمە ئەوە نیە هەڵسین بە ناوبژیوانی هێزەکانی بەیەکهەڵگژاوەکانی ئێراق، چونکە لەم نەخشەدا هاتووە کە ئێراق ناوی لە نەخشەکە نەهاتووە، بەلکو شیعەستان و سوننەستان و بەشێک لەکوردستانی گورە لە ناوچەکە دیاردەکەوێ ، ناوبژیوانی واتە بەرگری لە بەدیهاتنی ئەم پرۆژەیە،.
بەڵک و ئەرکەکانمان ئەوەیە:

- هەوڵدان بۆ نزیکخستنەوەی هەموو هێزو تواناکان ، چڕکردنەوەیان لە ناوەندێکدا بۆ ئامادەباشی ئەم ڕۆژەی کە ئەم پرۆژە دێتەکایەوە.
- لێکنزیکردنەوەی هێزو پارتە سیاسیکانی هەموو پارچەکانی کوردستان،
- دەرگاکردنەوە بەڕووی هەموو کوردێک کە بیەوێت لە کوردستانی ئێستای ئازادا کارو چالاکیەکانی خۆی بکات.
- ڕوونکرنەوە و تەیارکردنی تەواوی گەلی کورد بۆ ئەم مەبەستە(کوردستانی گەورە) نەشاردنەوەی لە خۆمان و دووژمن.
- حەرامکردنی براکوژی بەرامبەر بە هەر کوردێک لە هەرشوێنێک.
- بەکار هێنانی هێزی ئابووری ئەمڕۆی پارچەی باشور بۆ خزمەتی هەموو کورد.
- کشانەوە لە بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە داگیرکراوەکان وەک کەرکووک و شوێنانی دیکە.
- ڕێگەدان بە پارتە سیاسیەکانی پارچەکانی تر لە پارچەی باشوور کاری خۆیان بکەن.
- فەراهەم کردنی دام و دەزگاو کادری پێویست بۆ داهاتووی کوردستانی گەورە.
- هەموو پسپۆڕ و شارەزایانی کورد لە هەندەران هانبدرێن بگەڕێنەوە بۆ ناوەنی کوردستان.

ئەمە هەندێک کاری هەنووکەیین ، دەبێ کاری بۆ بکرێ . ئاگاداربین پەلەنەکردن لە ئەرکەکانی فەراهەم کردنی زەمینەی کوردستانی گەورە کارێکی پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلەکەمانە کە بە درێژایی مێژوو خەونی بەم ڕۆژەوە دەبینی.......